وەزارەتی کارەبای هەرێم: لە وەرزی هاوین بڕەمهێنانی کارەبا لە وەستگەکانی بازیان و خەبات و ماس زیاد دەکرێت

ئەنجومەنی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم لەگەڵ کەبوونەوەی ئاسایی خێیدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە ئەنجامیدا ڕایگەیاند، لە وەرزی هاویندا بڕەمهێنانی کارەبا لە وەستگەکانی بازیان و خەبات و ماس زیاد دەکرێت.

یەپێی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی کارەبای هەرێم، تیایدا هاتووە، ئەمڕۆ پێنجشەممە 30ی ئایاری 2024، ئەنجومەنی وەزارەتی کارەبا بە سەرپەرشتیی کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبای هەرێم لە کەبوونەوەی ئاسایی خێیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دا.

ئەوەش هاتووە: لە کەبوونەوەکەدا، بریکار و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتیی کارەبای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئامادەبوون، بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی کارەبا لە نێوان پارێزگاکان درا.

تەوەرێکی دیکەی کەبوونەوەکە تایبەت بوو بە بەرنامەی کارەبا و لە وەرزی هاویندا بڕەمهێنانی

کارەبا لە وەستگەکانی بازیان و خەبات و ماس زیاد دەکرات و هەو دەدرات یەکەیەکی دیکەی وەستگەی کواشی بە گازوایل بگەن بخرات و چاککردنەوەی یەکەکانی وەستگەکانیش ئەگەر زەر پەویست نەبات نەخرەتە وەرزی هاوین.

باس لەوەشکراوە، تیمەکانی بەوەبەرایەتی گواستنەوەی وزەی کارەبا، وەای ئەوەی چاکسازییان لە هەکانی کارەبا کردووە، لە ئامادەباشیدان بە چارەسەرکردنی هەر کەشەیەکی تەکنیکی. هەروەها بەیاری کارپەکردن و تەواوکردنی پرۆژەی پەوەری زیرەک لە شارەکان درا.